# ئیخوان وەك فاكتەرێك لە نزیكبوونەوەی ئێران و قەتەر



ماجید خەلیل

نووسەر و مامۆستای زانكۆ

FOCUS

## كورتەیەكی مێژوویی

كێشەكانی وڵاتی قەتەر ئاماژەگەلێكن كە سەرەداوەكانیان هەڵگری چەند خوێندنەوەیەكی جیاوازن، زۆرترینی شرۆڤەكان ئاماژە بە خاڵی بەهێزی ئایدیۆلۆژیی دەدەن لە نەزمی قەیرانەكانی ئەم دواییەدا. پێكهاتەی قەتەر پێكهاتەیەكی ئاڵۆزە و گەشەكردنیشی وەك نموونەی وڵاتێكی نوێ گەلێک لەپێشچاو و خێرایە. قەتەر وڵاتێكی ئاڵنگار و سەرسەختە لە دەستبردن بۆ پرۆژەی زەبەلاح و تەكنەلۆژیی، ئەم وڵاتە بەخێرایی خۆیشی لە گەلێک گرفتی لەمێژینەی وڵاتانی ناوچەكەوە گلاندووە و هەروا بە سانایی ئەستەمە شوێنی ئارامشی خۆی رابگرێت. تاوەكو پێش ساڵی 1867 قەتەر لەلایەن سەردارەكانی دەوروبەری بەحرەینەوە بەرێوە دەبرا، یاخود لەلایەن دەستوپێوەندەكانی خانەوادەی ئال خەلیفەوە هەژموون بەسەر ئەو ناوچەیەدا كرابوو. هەر لەو ساڵەدا و دوابەدوای راپەڕینی قەتەرییەكان دژ بە هێز و هەژموونی ئال خەلیفە، ئیدی بەریتانیا و هێزە خۆرئاواییەكانی سەردەست لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا، راستەوخۆ یەكێك

لە سەرۆك هۆزەکانی ئەوێ بە ناوی (موحەمەد بن سانی ئال سانییان) کردە سەرداری ئەوێ و ئێستەیشی لەتەك بێت ئەو خانەوادەیە لە وڵاتی قەتەردا باڵادەست و سەردارن. ساڵی 1916 و لە میانی جەنگی جیهانی یەکەمدا، دروست لە راماڵین و لێك هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، هەریەك لە بەریتانیا و قەتەر رێککەوتنێکیان واژۆکرد، بەگوێرەی ئەو رێككەوتنە قەتەر بووە یەكێك لە دەست و پێوەند و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا. ساڵی 1971، پاش ئەوەی بەریتانیا ئەوەی خستەڕوو، ئیدی لەتوانایدا نییە ئاسایشی نیمچە دورگەی عەرەبی دابینبکات، بۆیە هەریەك لە قەتەر و بەحرەین چوونە نێو ئەو میرنشینە عەرەبییانەوە کە دواتر بە میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب ناسێنران. دوواتر قەتەر و بەحرەین لەنێو پێوەستبوونەکەدا وەك دوو وڵاتی سەربەخۆ خۆیان جودا کردەوە. هەروەها بەشێوەیەکی جیا و لە کۆتایی 1971 میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبیش وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ خۆی ڕاگەیاند. قەتەریش بە پشتبەستن بە هەوەڵین ڕەشنوسی دەستوری نوسراوی خۆی کە لە بەهاری 1970دا ئامادەکرابوو. لە 1ی سێپتەمبەری 1971دا بووە وڵاتێکی سەربەخۆ. هاوکات لە 1973 دا بۆ هەوەڵجار ئەمەریکا باڵوێزخانەی خۆی لە دەوحەی پێتەختی قەتەردا کردەوە. لە ئێستاشدا باڵوێزی ئەمەریکا لە قەتەر بریتییە لە دانا شل سمیس. خانەوادەی دووەمی باڵادەست و دامەزرێنەری قەتەر رەچەڵەکی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ هۆزی بەنو تەمیمی نیمچە دورگەی عەرەبیی. دیارە ئەم هۆزەیش هەمان هۆزی موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهابی دامەزرێنەری ئیخوازنیزمن، کەواتە خانەوادەی دامەزرێنەری قەتەریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خانەوادەیە. بەم نەزمە قەتەریش رەگێکی لە وەهابییەت تێکەڵ و بەشدارە لەو خوێن و خەونەی ئیسلامگەرای نەریتخوازدا، ئەو نەریتخوازییەی کە عەرەبستانی سعودیەش لەنێویدا هاوئاواز و بەشدارە.

## ئەمەی خوارێ سەرکردە باڵا و کاربەدەستەکانی قەتەرن:

• میر و وەزیری بەرگری: تەمیمی کوڕی حەمەدی بنەماڵەی دووەم

• جێگری ئەمیر و شازادە: عەبوڵڵای کوڕی حەمەدی خانەوادەی دووەم

• سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ: عەبدوڵڵای کوڕی نەسیری کوڕی خەلیفە

• جێگری سەرۆك وەزیران: ئەحمەدی کوڕی عەبدوڵای مەحمود

• وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری بەرگریی: خالید مەحمود ئەلعەتییە

• وەزیری کاروباری دەرەوە: موحەمەد عەبدورەحمانی دووەم

• وەزیری داراییی: عەلی شەریف عیمادی

• باڵوێزی قەتەر لە ئەمەریکا: میسال حەمە خەلیفەی خانەوادەی دووەم

هەژمونی ئابووری قەتەرو دڵگرمی بوونی وڵاتانی عەرەبی لە ئاستیدا بەتایبەتی کە بەشێکی زۆری پێشکەوتنەکەی نەتەوەی عەرەب لێی بێبەشەو وەختە مۆرکی عەرەبی بوونی لە دەستدەدات، ئەوە وای کردووە کە بە پاساوی لاوازی ناسیۆنالیزمی عەرەبی کەوتوونەتە مەترێزییەوە

ڕووبەری قەتەر 11586 کیلۆمەتر چوار گۆشەیە، ڕێژەی دانیشتوانی قەتەر بە گوێرەی سەرژمێری مانگی شەشی 2015 دەگاتە 2.2 ملیۆن، ئەم ڕێژەیە نێزیکەی 80%ی بریتین لە

خەڵکانی غەوارە و دەرێی قەتەر. لە رووی ئاینییەوە 77.5%ی خەڵکی قەتەر موسڵمانن و لەوانەیش 90% موسڵمانی سوننیین. هەروەها 8.5% مەسیحیین و ئەوانی دیکە بەشێوەیەکی سەرەکی هیندۆس و سەربەئاینە هیندییەکانن. سەبارەت بە پێکهاتەی ئیتنی خەڵکی قەتەر ئەوا 40% قەتەرییەکان عەرەبن، پاکستانییەکانیش 18% و هەرچی هیندییەکانیشن 18%ی خەڵکی قەتەر پێکدەهێنن، ئەوانەی بە رەچەڵەك ئێرانی نەژادن 10%. تێکڕای نەتەوەکانی تری بێ لەوانەی ناوبران 14% دەبن. لەرووی ئابوریشەوە تێکڕای بەرهەمی نێوخۆ لە 2016دا 334 بلیۆن دۆلار بوو. لە ساڵی 2016 دا تێکڕای هەڵاوسان 3.8%. هەروەها تێکڕا و بڕی گەشەی بەرهەمی خۆماڵی لە 2016دا 2.6% بوو. هەروەها ناردەنییەکانیشی پەیوەستن بە یابان، کۆریای باکور، هیند، چین، ئیمارات و سەنگافورە. هاوردەکانیشی لە ئەڵمانیا و ئەمەریکا و چین و ئیمارات و یابان و بەریتانیا و ئیتاڵیا و سعودیەوەیە. سەبارەت بە نەوت و گازیش وڵاتێکی بەرهەمهێنە و رۆژانە 700 هەزار بەرمیل دەنێرێتە دەرەوە. نێزیکەی 125 ملیار مەتر گازیش دەنێرێتە دەرەوە.

## فەرمانڕەوایەتی و مافەکانی مرۆڤ

بونیاد و پێکهاتەی فەرمانڕەوایەتی قەتەر تا ئەندازەیەك لە نەزمی فەرمانڕەوایەتی وڵاتانی هاریکاریی کەنداوەوە نزیکە. ئەویش وەك ئەو وڵاتانە نەزمی پشتاوپشت و پادشایەتی دەیجوڵاند. بۆنموونە لە مانگی شەشی 2013دا ئەمیر تەمیم دەبێتە میری قەتەر، ئـەوە لەکاتێکدایە کە ئەمیر حەمەد خەلیفەی دووەمـی بابی بۆخۆی واز لە کورسی ئەمیرایەتی وڵات دەهێنێت. میر فەرمانڕەوایەتییەکەی لە رێی سەرۆك وەزیرانەوەیە، کابینەی وەزارەتیش بەشێکیان لە خانەوادەی فەرمانڕەوان، کە بەرجەستە و دیارن لە وڵاتدا. هاوکات میر تەمیم پلەی وەزیری بەرگریشی هەیە، هەرچەند کە لەرووی سیاسەتی بەرگرییەوە زۆربـەی ئەرکەکان وەزیـری دەوڵەت بۆ کاروباری بەرگری رایدەپەڕێنێت. دیارە کە ئەم وەزارەتە لەرووی پێگەوە کەمتر لە پێگەی وەزیرێکی بەدەردەکەوێت. ئەم پێگەیە لەلایەن خالد موحەمەد عەتیەوە بەڕێوەدەبرێت، هەروەها موحەمەد عەبدورەحمانی خاندانی دووەم کە سەربەخانەوادەی باڵادەستە پۆستی وەزیری دەرەوەی هەیە. پێشتریش لە مانگی 11ی 2014 میری قەتەر برایەکی گچکەتری خۆی بەنێوی شێخ عەبدوڵا حەمەد وەك جێگری خۆی دیاری کرد. هەروەها سەرۆك وەزیرانیش عەبدوڵا نەسیر خەلیفەی خاندانی دووەم بوو. لەهەمانکاتدا رۆڵی وەزیری ناوخۆیشی هەبوو، ئەوە لەکاتێکدا بوو کە ئەمیر تەمیم بووە میری وڵاتی قەتەر لە 2013دا. دیارە بەهەمان شێوەی وڵاتانی هاریکاریی کەنداو، لە قەتەریشدا پارتە سیاسییەکان یاساغن. بە پێچەوانەی بەحرەین و کووەیتەوە، لە نێو قەتەردا هیچ کۆمەڵگەیەك و جڤاتێکی سیاسی هاوەشێوەی پارتەکان بوونی نییە و شوناسێکی دیاریکراو بە باڵای چالاکییە سیاسییەکان نەبڕاوە. هاوکات بە پێچەوانەی بەحرەین و عومانیشەوە هیچ خۆپیشاندانێکی جەماوەری لە قەتەردا، بەتایبەتی لە میانەی راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی 2011دا نەهاتە ئاراوە. لەم ساڵانەی دوواییشدا هیچ جوڵانەوەیەکی بەربڵاو و گشتی و رەخنەئامێز رووبەڕووی ئەو وڵاتە نەبووەتەوە. هەموو ئەو ناکۆکی و نارەزایەتییەش کە لەنێوان رێبەرایەتی و لەنێوان هاوڵاتیان و سەرکردەکان دەخرێتەروو، تەنها پرۆسەیەکی تایبەتی میرییە بۆ تۆکمەکردنی کۆدەنگی نیشتیمانی. پێشتر ئەمیر حەمەد لە 2003/4/29دا دەستوری بنەڕەتی وڵـاتـی لە هەموارێکدا خستە بـەردەم ریفراندۆمێکی گشتییەوە و لە ئاکامدا 98% دەنگی بەڵێی هاوڵاتیانی بە دەستهێنا. ئەوە لە کاتێکدابوو ئەو دەستوورە کۆتوبەنێکی فرە بەرچاویشی تێدابوو، بۆ نموونە بە گوێرەی دەستوور قەتەر وەك وڵاتێکی پشتاوپشت بۆ خاندانی حەمەد چەسپابوو. هاوکات بەشێك لە شارەزایانی خۆرئاوا دەستوری هەموارکراویان بەچاوی رەخنەوە هەڵسەنگاند و لەو بابەتەدا گرفتیان هەبوو کە ئایینی ئیسلامی وەك سەرچاوەی یاسا لە دەستوردا چەسپاندبوو. هەر بەگوێرەی دەستوور دەسەڵاتی شەرعیی نیشتیمانی لە دەستی ئەنجومەنێکی شورادایە کە پێکهاتووە لە 45 کەس، ئەوانە دوو لەسەر سێیان بەردەوام هەڵدەبژێرێنەوە. لە 2008دا حکومەت و ئەنجومەنی راوێژکاری گەیشتنە رێکەوتنێك لەسەر مافی دەنگدان و نەزمی

کاندیدبوون. هەر بەگوێرەی یاسای وڵات ئەوانەی کە بەلایەنی کەمەوە 10 ساڵە بوونەتە هاوڵاتی قەتەر مافی دەنگدانیان هەیە و ئەوانەیشی بابیان لە قەتەردا لەدایکبووە دەتوانن خۆیان کاندید بکەن. لە ساڵی 2013دا ئەمیر حەمەد مەرسومێکی دەرکرد و تێیدا وادەی درێژبوونەوەی ئەنجومەنی ئێستەی دەستنیشانکرد. ئەگەر یاخۆ کاتێك ئەنجومەنی نوێ پێکهات، ئەوکات حکومەت بەوە رازییە کە ئەو ئەنجومەنە بەکۆی دوو لەسەر سێی دەنگەکانی وەزیرەکان لابەرێت و بودجەی وڵاتیش پەسەند بکات و پرۆژە بڕیارەکانیش دەنگ لەسەر بدات بۆ ئەوەی ببنە یاسا. هەموو ئەوانەیش بە گوێرەی دەنگی زۆرینەی ئەنجومەن و پاشان واژۆی ئەمیر دەبن. دیارە شکستی قەتەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی راوێژکاری نوێ، قەتەری کردە وڵاتێکی هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی هاریکاریی کەنداو کە بۆ هیچ کورسییەکی بونیادی تەشریعی نیشتیمانی هەڵبژاردن ئەنجامنادەن. بەرپرسانی قەتەر تێبینی ئەوە دەکەن کە قەتەر بۆ ئەنجومەنی ناوەندی شارەوانییەکان کە بۆ دیاریکردنی 29 کورسییە هەڵبژاردنی کردووە. بۆنموونە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی چوارەم بۆ هەریەکێکیان ماوەی 4 ساڵ دیاریکراوە. ئەم هەڵبژاردنە لە 2005/5/13 ئەنجامدرا. لە دواین هەڵبژاردندا کەمترین هاوڵاتی قەتەر بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکاندا، چونکە ئەوان وەها دەڕوانن ئەنجومەنەکە لاوازە لە هەژموون و کاریگەرییەکانیدا. هاوکات بە گوێرەی راپۆرتی بەشی مافەکانی مرۆڤ لە وەزارەتی دەرەوە، لە ساڵی 2016دا، ئەوەی نیشاندا کە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی قەتەر خاوێن و ئازاد بوون .

## کێشەی مافەکانی مرۆڤ

لەم دواییەدا راپۆرتی وەزارەتی دەرەوە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە قەتەر، کێشەگەلێك سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ ئاماژە پێدەدەن. زۆرترینی ئەو کێشانەیش پەیوەستن بە داخراوی لە پێکهاتەی سیاسیی قەتەرەوە. ئەو داخراوییەش پەیوەستە بە کەمی ئازادی گوتە و دەربڕین و ئازادی رۆژنامەگەری و ئەنجومەن و کۆمەڵەکان و نەبوونی دادگەیەکی داپەروەرانە

> **خۆرئاوا و ئەمریکا وڵاتی قەتەر بە داینەمۆی جوڵانەوە جیهادییە ئیسلامییەکان دەزانن کە جوڵانەوەیەکن ریشەیان هەیەو بزوێنەرەکەشیان ئیخوانە، ئەم جوڵانەوەیە تەنها هۆکاری رایەڵەی نێوان شیعەو سوننەیە.**

بۆ ئەوانەی بە یاسای پاراستنی کۆمەڵگە دەستبەسەرن یاخود بەهۆی یاسای رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەستگیرکراون. هەروەها وەزارەتی دەرەوە ئاماژەی بە گەلێک پێشێلکاری لەهەمبەر مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا کردووە، بەتایبەتی لە بواری ئازادیی ئایینی و یاساکانی پەیوەست بە جیاکاری لەهەمبەر مافی ژنان و ئەو کەسانەی کە ناودەبرێن بە کەسانی بێ ناسنامە. لە قەتەردا ئەوەی کە سەروگیری پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ دەکات دامەزراوەیەکی قەتەرییە، کە لەلایەن دایکی ئەمیرەوە بە ناوی (شەیخە موزە) بەڕێوە دەبرێت.

## ئازادی رادەربڕین

وەکو تەواوی وڵاتانی هەماهەنگیی کەنداو، قەتەریش لەمیانی راپەڕینەکانی 2011ی بەهاری عەرەبی، ئیدی دەستی دایە دەرکردنی چەندین یاسای نوێ سەبارەت بە تەسککردنەوەی پانتاییەکانی ئازادی و دەربڕین و هاوکات سزادانی هەموو

ئەوانەی کە رەخنە لە دامــەزراوەی دەســەڵات دەگــرن. لە ساڵی 2014 یاسایەك پەسەندکرا کە پەیوەستبوو بە تاوانی ئەلەکترۆنییەوە، ئەم یاسایە ماوەی 3 ساڵ زیندانی بۆ ئەوانە بڕیبوویەوە کە لە بەکارهێنانی ئەنتەرنێتدا بوونەتە هەڕەشە بۆ ئاسایشی و ئارامی قەتەر. لە نۆڤەمبەری 2015 دا یاسایەکی نوێ زیادکرا و تێیدا سزای ئەو کەسانە دەدرا کە ئاڵا و پەرچەمی قەتەر یاخۆ وڵاتانی هەرەوەزیی کەنداو سوکایەتی پێدەکەن. هاوکات قەتەر میوانداریی تۆڕیی میدیایی جەزیرەی کردووە، ئەوە کەناڵێکە کە تێوەگلاوە لە پرسە ئەستیارەکانی میدیایەکی گلۆباڵ. هاوکات لە 2016دا رێکخراو و گرووپەکانی مافی مرۆڤ حکومەتیان بەوە تۆمەتبارکرد کە دەستیوەرداوەتە نەزمی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و سنوورداریکردوە و هەموو پەیوەستییەکی بە ماڵپەری دەوحــە نیوز و رۆژانــە زمانی سەربەخۆی ئینگلیزیی قەدەغە کردووە.

## مافی ژنان

بە گوێرەی دوایین راپۆرتەکانی وەزارەتــی دەرەوە جیاکاریی دامەزراوەیی دژ بە ژنان لەنێو قەتەردا بەردەوامە. هاوکات یاسایەکی پەیوەست بە توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان لەنێو ماڵێدا بوونی نییە، گرفتیش لەهەمبەر ئەو ژنانە لە گۆڕێدایە کە هاوسەرگیریی لەتەك کەسانێك دەکەن کە هاوڵاتی نین. یاخۆ گرفت لەبواری گەواهیدانی ئەوان هەیە لەدادگاکاندا، یان دەدرێتە دواوە یاخۆ وەك گەواهی پیاوان هەژمار ناکرێت. ئەوان لە بزنس و کاردا پەرێزخراون و تەنها 15% خاوەندارییەتیان هەیە. لە کاتێکدا وەك هێزی کاری کارا زۆرترین ئامادەییان هەیە. لە کابینەی حکومەتدا تەنها یەك وەزیری ژن هەیە، کە ئەویش وەزیری تەندروستییە و سەر بەخانەوادەیەکی دیار و بەرچاوە، لە زۆربەی وڵاتانی کەنداودا زیاتر لە وەزیرێکی ژن هەیە. یاسا لەو وڵاتەدا دەستدرێژی بەتاوان دەزانێت و سزاکەیشی مەرگی تاوانبارە، بەتایبەت ئەگەر قوربانییەکە نزیکی تاوانبارەکە بێت.

پرسی پەیوەندییەکانی ئێران و قەتەر و دەستپێکی ئاڵۆزییەکان لە ئێستادا قەتەر وەك وڵاتێکی بە هەژموونی ئـابووری و بـواری تەکنەلۆژیا دارای چەندین پەیوەندی و ئەجێندای دورمەودای دەرەکییە، لەم پێناوەدا زیاد لە وڵاتانی تری کەنداو پەیوەندییەکانی شۆڕبوونەتەوە بۆ نێو دنیای ئیسلامی بەتایبەتی ئێران و تورکیا. قەتەر تاوەکو جەنگی ئێران و ئێراق پشتیوانی سەدامی دەکرد، بەڵام دەستپێکی پەیوەندییەکانیان لە ساڵی 1991وە بە خێرایی بەرەو پێشەوە دەچێت، ئەم پەیوەندییانە لەسەر بنەمای کارکردنی هاوبەشی ئابوورییە لەبواری کێڵگەکانی گـازی سروشتی و نەوتدا، چــوون ئــەوان لەپێشەوەی هەموو وڵاتای دونیان بۆ گازی یەدەك. لەم نێوەندەدا گەلێ پرسی تر هەن کە وادەکەن لەرووی ئایدیۆلۆژییەوە ئێران و قەتەر پێك ببەسترێن، ئەم پرسەیش لە رەهەندی خوێنی نێوان وەهابییەت و پاشان ئیخوانەوە سەرچاوە دەگرێت. چونکە ئیخوان لە قەتەردا داینەمۆی زیندووبونەوە و خاڵی نەیارییەتیی قەتەرە لەگەڵ ئەو رەوشە سەلەفییەتەی کە سعودییە دەستی داوەتێ. قەتەر لە رەهەندی رووەو چەکداربوونی ئیخوانەوە هەنگاوی ناوەو پاڵپشتی بێ ئامانی گروپە چەکدارەکانە. بۆ تێگەیشتن لە بنەمای پەیوەندییەکانی قەتەر و ئێران پێویستە لە ریشەی پەیوەندییەکانی ئێران و ئیخوان تێبگەین.

سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پەیوەندی نێوان کۆمەڵەی «الاخوان المسلمین» و ئێران پەیوەندییەکی دێرینە و هەندێك جار شێوەیەکی فەرمی وەردەگرێت، ئەویش بەوەی لە بەشی گەورەیدا رێبازی نزیکخستنەوەی نێوان مەزهەبەکانی گرتبووەبەر.

زانکۆی «ئەزهەر»یش لەساڵی 1948ــەوە -مێژووی سەرەتای دەستپێکردنی پەیوەندی نێوان ئیخوان و زانایانی ئایینی ئێران- بیرۆکەی نزیکخستنەوەی مەزهەبەکانی (التقریب بین المذاهب) کردبووە ئامانج، ئەوەی تێبینیکراوە ئەوەیە زۆربەی بەرپرسەکانی ئەزهەر لەو کاتەدا لە سەرکردە پایەدارەکانی کۆمەڵەی ئیخوان بوون.

ئەزهەر لیژنەیەکی بۆ نزیکخستنەوەی نێوان مەزهەبەکان پێکهێنا، کە ژمارەیەکی زۆری لە گەورە زانایانی میسر و ئەوانەی سەرقاڵی کاری ئیسلامی بوون لەخۆدەگرت، لەسەرووی هەموویشیانەوە شێخ عبدالمجید سلیمی شێخی ئەزهەری ئەوکات بوو، کە بریکاری کۆمەڵەی ئیخوان بوو، هەروەها هەر یەك لە مەحمود شەلتوت و عەلامە (محمد تقی الدین القمر) کە شیعەیەکی خەڵکی

شارۆچکەی (قم)ی ئێرانە سکرتێری ئەو کۆمەڵەیە بوو.

هەروەها لە ئەندامانی ئەو لیژنەیەی ئەزهەر هەر یەك لە (الحاج أمين الحسيني) موفتی فەڵەستین و (حسن البنا) ڕابەری گشتی کۆمەڵەی برایانی موسڵمان (الاخوان المسلمين) و لیوا (صالح حرب) سەرۆکی ڕێکخراوی لاوانی موسڵمان (الشبان المسلمين) و (محمد علي علوته پاشا) و ... چەندینی تر دەتوانین ناوببەین.

شێخ مەحمود شەلتوت باسی ئەو کۆبوونەوانە دەکات کە ئەو پیاوانە دەیانبەست لەخانەی نزیکخستنەوە (دار التقريب) لە گەڕەکی (الزمالك)ی قاهیرە و دەڵێت: لەو کۆبوونەوانەدا میسری هاوشانی ئێرانی، لبنانی، عێراقی، پاکستانی و شوێنەکانی دیکەیش لە هەموو گەلانی ئیسلامی جۆراوجۆر دادەنیشت.

حەنەفی لەگەڵ مالکی و شافیعی و حەنبەلی و هاوشانی ئیمامی و زەیدی لە دەوری مێزێك کۆدەبوونەوە، دەنگە دەنگێك بەرزدەبویەوە کە پڕبوو لە زانست و ئەدەب و سۆفیگەری و فیقهـ لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا گیانێکی برایانە و پڕ لە سۆز و خۆشەویستی و هاوڕێیەتی زانست و عیرفانیانە لەوێدا زاڵبوو.

گۆڤاری (رسالە الإسلام) گرنگترین شتێك بوو کە ئەم لیژنەیەی بیری (ئیخوان) بەسەریدا زاڵبوو بەرهەمیهێنا، هەتا وەستاندنیشی لە دەرچوون لە ساڵی -1964واتە: بەدرێژایی 16ساڵ- بەردەوام مینبەری گفتوگۆ و پردی پێکگەیشتنی نێوان شیعە و سوننە بوو، ئەم گۆڤارە وەرزی بوو و (شێخ محمد محمد المدنی) سەرپەرشتی دەرچوونی دەکرد کە لە گەورە زانایان بوو، سەرنووسەرەکەیشی (شێخ عبدالعزیز عیسی) بوو کە پاشتر بوو بە وەزیری ئەوقاف.

دروشمی گۆڤارەکە کە لەسەر بەرگەکەی دانرابوو، ئەم ئایەتە پیرۆزە بوو (إن هذه أمتكم أمّة واحدة وأنا ربّكم فاعبدون) واتە: (ئەمە ئوممەتی ئێوەیە، یەك ئوممەتە و منیش پەروەردگارتانم دە بمپەرستن).

لە پشتی بەرگەکەیشی بەردەوام ماددەی دووەمی یاسای بنەڕەتی کۆمەڵەکەیان بڵاودەکردەوە کە ئامانجەکانی لەخۆدەگرت و لەبڕگەی یەکەمیدا هاتووە: (کاردەکەین لەسەر یەکخستنی گوتاری هەموو مەزهەبە ئیسلامییە جیاوازەکان، کە بۆچوونگەلێکی جیاواز بووەتە هۆی کەلێن خستنە نێوانیان بەبێ ئەوەی هیچ یەك لەم بۆچوونانە ڕاستەوخۆ بدات لەو بنەما عەقیدییانەی کە باوەڕ پێهێنانیان واجبە).

لە بڕگەیەکی دوای ئەوەدا هاتووە: (هەوڵدان بۆ لابردنی هەرجۆرە ناکۆکییەك لە نێوان دوو میللەت یان دوو تایەفەی مسوڵماندا و ئاشتکرنەوەیان).

لە بارەی نووسەرەکانی ئەم گۆڤارەیشەوە، ئەوا تێکەڵەیەك بوون لە زانایانی سوننە و شیعە، و زۆربەی ئەو نامانەیشی کە بۆ بڵاوکردنەوە دەگەیشتە گۆڤارەکە، بە زۆری لە هەردوو شاری (نەجەف)ی عێراقی و (قوم)ی ئێرانییەوە دەهاتن.

هەروەها پرۆژەی (شلتوت ـ القمر) هەبوو ئامانجی کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر و ڕوونکردنەوەی سوننەتی پاکیزە (السنه المطهرة) کە لەمەزهەبە دانپیانراوەکانی ئیسلامیدا هاتووە ـ بوو، ئەوەی کە بانگخوازەکانی لەسەر کۆبووەتەوە لە لق و پۆپەکانی ئیمان و عەقیدە و فقهـ و ...هتدا لە هەموو ئەوانەی کە کۆکردنەوەیان سوود دەگەیەنێت، تا مسوڵمانان ڕوویەکی ڕوون بۆ نزیکبوونەوەی نێوانیان هەست

زاڵبوونی سعودیەو وڵاتانی کەنداو بەبێ قەتەر بەو مانایە دێت کە گرژی نێوان شیعەو سوننە بەردەوام دەبێت، ئەوەیش لەبەرژەوەندی ئەجێندای خۆرئاوادایە.

پێیکەن لەو بنەما سەرەکیانەی کە هەموو بڕوایان پێیەتی و تێیدا ناکۆك نین.

ئامانج لە توندوتۆڵکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئێرانییەکاندا (مستەفافی مەشهور) ڕابەری پێشووی کۆمەڵەی (الاخوان المسلمین) ئاماژە بۆ ئامانجەکانی پشت توند و تۆڵکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ شیعەکانی ئێراندا دەکات، و دەڵێت: (ئامانج لە ناوەڕۆکی ئەو پەیامەدایە کە مامۆستا حسن بەننای دامەزرێنەری کۆمەڵە داینا، هەر خۆیشی ڕوونیکردەوە کاتێك لەبارەی هەڵوێستی (الاخوان المسلمین).

بەرامبەر بە کەسانی دەرەوەی خۆی قسەیکرد، ئەو وتی: (بە ڕاستی إخوان المسلمین دڵسۆزن بەرامبەر بە هەموو دەزگا ئیسلامییەکان و بە هەموو شێوازێك هەوڵی نزیکخستنەوەیان لە یەکتر دەدەن، لەو بڕوایەشدان کە خۆشەویستی نێوان مسوڵمانان چاکترین بنەمایەکە بۆ بێدارکردنەوەیان، وئەوان دژایەتی هەموو دەزگایەك دەکەن کە هەوڵی شێواندنی واتای ئیسلام بدات).

(مەشهور) بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ئیخوان پێشوازی لە هەر بیرۆکەیەك دەکات کە هەوڵی یەکخستنەوەی توانای موسڵمانان بدات لە هەموو جێگەیەکی سەر زەمیندا، پشتیوانیشیان لە بیرۆکەی (جامیعەی ئیسلامی) کرد وەك شوێنەوارێك لە شوێنەوارەکانی بێداری ڕۆژهەڵاتی، لە بەرنامەی کاری کۆمەڵەیشدا واهاتووە پێویستە لەسەریان کاتێك پشتیوانی دەزگایەك دەکەن، دڵنیابن لەوەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان نکۆڵی لە ئامانجەکانیان ناکات (ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە هەرکەسێك کە لە لیژنەی نزیك خستنەوەی نێوان مەزهەبەکاندا بوونی هەبێت کە نزیکەی 50 (پەنجا) ساڵە دامەزراوە، سەر بە کۆمەڵەی ئیخوانە ئەگەرچی لەسەر مەزهەبی شیعەیش بێت)، (حسن البنا) لە کتێبی (مذكرات الدعوه والداعيه)دا باس لەوە دەکات هەر دەزگایەك لە ئیش و کارەکانیدا ڕوویەك لە ڕووەکانی ڕێبازی (اخوان المسلمين) بەدیبهێنێت، ئەوا ئەندامانی کۆمەڵە پشتگیری لێدەکەن.

بەڵام (د. عوسمان عبدالعزيز المعز رسلان) مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردە ـ زانکۆی گنگا شیکردنەوەیەکی زانستیانەی لەبارەی مەبەستی ئاشکرای ئەو نزیکخستنەوەیەی لەنێوان کۆمەڵەی (الاخوان المسلمين)ی میسر و زانایانی ئایینی شیعەی ئێراندا ڕوویدا خستە ڕوو.. ئەو لە لێکۆڵینەوەکەیدا باس لەوە دەکات لە خیتابی ئیخوانیدا چەندین زاراوە بۆ یەك واتا بوونیان هەیە. مامۆستا حەسەن بەننا زاراوەی (جامیعەی ئیسلامی) و (برایەتی ئیسلامی) بەکار دەبرد، لەکاتێکدا سید قطب زاراوەی (کوتلەی ئیسلامی) و هەندێکجار (کوتلەی سێیەم)ی بەکاردەهێنا. هەروەها بۆ هەمان واتا بە یەکێتی ئیسلامی و یەکبوونی ئیسلامی تەعبیری دەکرد.

لێکۆڵەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چەند پاڵنەرێك بوونیان هەبوو کەوا هانی (الاخوان المسلمين)یاندا بانگەشەکردن بۆ (کوتلەی ئیسلامی) بکەن، هەموو پەیوەندییەکانیشیان بە گرووپە جیاوازەکانەوە لە دەرەوەی سنووری نیشتمانی سەرەکییان کە میسرە لەژێریدا ڕیز دەکرێت. ئەو سێ پاڵنەرەش ئەمانەن:

1. پاڵنەری عەقیدەیی: لە تێگەیشتنی ئەواندا، برایەتی نێوان مسوڵمانان و خۆشویستنیان لە بنەماکانی ئیسلامە. هیچ جیاوازییەك لەنێوان عەرەبێك و عەجەمێکدا نییە، پاشانیش هەموو جیاوازییەکی ئیتنی و ڕەگەزپەرستی لەنێوان خەڵکیدا بنەبڕ بکرێت.

2. پاڵنەری ڕزگاریخوازی: چونکە ئەو لەبەردەم لێکچوونی کێشە و گرفتگەلێکدایە کە لە تەواوبوونی ڕزگاری و سەربەستی و شکاندنی کۆت و پێوەندی داگیرکاری و پاوانخوازیدا کورتدەکرێتەوە، پێویستە هەنگاو بۆ یەکگرتن و یەکدڵی بنرێت.

3. پاڵنەری سەردەم: چەمکی بەربڵاو لە بیری ئیخواندا لەو سەردەمەدا ئەوەبوو کوتلەی ئیسلامی یان یەکبوونی ئیسلامی دەڕواتە پێش، چونکە بەدەمەوەچوونێکی سروشتییە بۆ گردبوونەوە، نەك بەناوی نەتەوایەتی و ڕەگەزەوە بەڵکو بەناوی عەقیدە و پرەنسیپییەوە..

ئەو ئاراستە سروشتییە و لە هەمان کاتیشدا پێویستە بۆ ڕزگارکردنی جیهان لە جەنگی سێیەم.

(د. عوسمان رسلان)، کە بەشیکردنەوەکانی بیری ئیخوانی فراوانتر کردووە، وایدەبینێت ئەم پاڵنەرانە خۆی لە خۆیدا پاساوهێنەرەوەی ئەو ئاراستەیەی (الاخوان المسلمين)ن لەبانگەوازیاندا بۆ کوتلەیەکی ئیسلامی.. و دەڵێت: پێم وابێت ئەم پاساوانە پشت بەستوون بە بەڵگە چ لە دەق و چ لە واقیعیشەوە.. ئەمەش

وایکردووە ڕەنگە گران بێت لە عەقڵی سیاسی و ئینتماو سۆزی ئەندامی ئیخوانی دەری بکەیت.

هەروەها (د.عوسمان) باس لەوە دەکات خیتابی ئیخوانی پشت دەبەستێت بە دەق (نصوص) و بەرژەوەندییە هەنووکەییەکانیش لەهەمانکاتدا، ڕۆحی جیهانی (الروح العالمیە) ڕۆحی ئیسلامە، کە بزوتنەوەیەکی جیهانییەو هیچ لایەنێك لەلایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی پشتگوێ ناخات، لەمەشەوە نابێت لە چوارچێوەی سنورەکانی خۆیدا قەتیس بمێنێت، ئیسلام داوای هاوکاری دەکا بۆ بەدیهێنانی یەك مەبەستی گشتی مرۆڤایەتی.

لەم ڕوانگەیەشەوە، حەسەن بەنناو لەدوای ئەویش سەیید قگب بـەردەوام بوون لە جێگیرکردنی خیتابی ئیخوانی کە بنەمای هاوکاری نێو دەوڵەتی و دەرپەڕینە بۆ دەرەوەی سنوورەکان..

هەر ئەمەش نهێنی ئەو پەیوەندییە بەهێزەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لەنێوان ئیخوانەکانی میسر کە سوننەن ـ و زانایانی ئایینی ئێران ـ کەشیعەن ـ دا دروستبوو.

دیارە بنەمای پەیوەندییەکانی ئیخوان و ئێران سەرەتای باشبووین پەیوەندییەکانی قەتەرو ئێران بوون و هەر لەسەرەتایشەوە ئیسرائیل چەندین بار هۆشداری داوە لەو پەیوەندییانە، ئەوەی کە لە جەنگی ئێران و ئێراقدا وایدەکرد کە سـەدام و قەتەر پەیوەندییان باش بێتن ئەوەبوو خودی ڕژێمی سەدامیش پشتیوانی لە قەتەر دەکرد، هەربۆیە قەتەریش بۆ لابردنی ئەو فشارەی کە وڵاتانی عەرەبی کردبوویانە سەر پشتیوانی لە سەدام دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا چەندین بڵاوکراوەی نوێ هەن کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەشاراوەیی قەتەر پیوەندی لەگەڵ ئێراندا هەبووە.
لە پاش لێژبوونی گڵۆڵەی سەدام ئیدی قەتەر بەتەواوی خزایە بنکڵێشی ئێران و لەگەڵ تۆخبوونەوەی پەیوەندییە دژوارەکانی سعودییەو قەتەریش، قەتەر و ئێران نزیکبوونەوە، ئێستا قەتەر لەگەڵ ئێراندا ها لەنێو ڕێکخراوی ئۆپیك و ڕێکخراوی جیهانی ئیلامی و چەندین پەیماننامەی هاوبەشی بواری تەکنەلۆژی و وزەو ئاسایشییەوە. ئەوان پاش ئەوەی لە 1969 دا و لەسەردەمی موحەممەد شادا پەیماننامەی دیاریکردنی سنوریان واژۆکرد، ئیدی جیاواز لە وڵاتانی دی فرە نزیکو فرە دۆستانە هاتوونەتە پێشێ.

قەتەر تەنها وڵاتێکە کە لەیەککاتدا لەگەڵ تورکیاو ئێراندا دۆستە، ئەوەیش کە وایکردووە ئەو هەوێنە ئیخوانییە کە دەمارەکانی لە مێژووی قەتەردایەو خۆی لە هاوخوێنیو نیپۆتیزمی وەهابییەکان دەبینێتەوە لەتەك قەتەردا. هەربۆیە چاودێران شرۆڤەی ئەم واقیعە نوێیەی نێوان قەتەر و ئێران و ئەو تەنگژەی گەمارۆدانە دەگەڕێننەوە بۆ چەند خاڵێك:

یەکەم: خۆرئاوا و ئەمریکا وڵاتی قەتەر بە داینەمۆی جوڵانەوە جیهادییە ئیسلامییەکان دەزانـن کە جوڵانەوەیەکن ریشەیان هەیەو بزوێنەرەکەشیان ئیخوانە، ئەم جوڵانەوەیە تەنها هۆکاری ڕایەڵەی نێوان شیعەو سوننەیە.

دووەم: قەتەر خاڵی بەیەکگەیاندنی توندرەوەکانی شیعەو سوننەیەو نموونەیەکە لە باشی پەیوەندی هێزێکی پەرگیری سونی لەگەڵ وڵاتێکی بناژۆخوازی ئێراندا.

سێهەم: قەتەر نموونەیەکی باڵایە کە هێزە ئیسلامییە نەیارەکان لەوانە تورکیاو ئێران کۆدەکاتەوە.

چـوارەم: قەتەر فاکتەری چالاکبوونی ئیسلامی چەکدارە بە پێچەوانەی وڵاتانی دی وەکو کووەیت و سعودییە کە فاکتەری زاڵبوونی ئیسلامی سەلەفی لا جەماعەو بێچەکن.

پێنجەم: زاڵبوونی سعودیەو وڵاتانی کەنداو بەبێ قەتەر بەو مانایە دێت کە گرژی نێوان شیعەو سوننە بـەردەوام دەبێت، ئەوەیش لەبەرژەوەندی ئەجێندای خۆرئاوادایە.

شەشەم: هەژموونی ئابووری قەتەرو دڵکرمێ بوونی وڵاتانی عەرەبی لە ئاستیدا بەتایبەتی کە بەشێکی زۆری پێشکەوتنەکەی نەتەوەی عەرەب لێی بێبەشەو وەختە مۆرکی عەرەبی بوونی لە دەستدەدات، ئەوە وای کردووە کە بە پاساوی لاوازی ناسیۆنالیزمی عەرەبی کەوتوونەتە مەتەرێزییەوە.

حەوتەم: چاودێران پێیان وایە لە ئێستادا وەکو سەرچاوەیەکی ئارامی وزەو وەکو پەناگەیەکی بەهێزی بنکە سەربازییەکانی خۆرئاواو و وەکو دەوڵەتێکی نا دەستەمۆی ئێران و تورکیاو و وەکو دۆستێکی دڵخوازی ئیسرائیل کار لە سەر هێنانە پێشەوەی باشووری کوردستان دەکرێت بۆ چێبوونی خاڵێکی بەدیل لە بەرامبەر ئەو هەژموونە لەخۆباییەی قەتەردا.